# بەرهەمداریی لە زانستی زماندا
## "بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بە نموونە"

پرۆفیسۆر دکتۆر
فاروق عومەر صدیق
زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان
Faruk.sadiq@univsul.edu.iq

مامۆستای یاریدەدەر
مصطفی رضا مصطفی
زانکۆی چەرموو/ ک. پەروەردەو زانستە سروشتییەکان
Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی، بۆ یەکێك لە چەمکە دیارەکانی نێو جیهانی توێژینەوە زمانەوانییەکان تەرخانکراوە، کە ئەویش چەمکی (بەرهەمداریی – productivity)ییە لە زانستی زماندا، دیارە ئەم چەمکەش بە دیاریکراوی بە (بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی – morphological productivity)ییەوە بەستراوەتەوە، چونکە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا پشتیپێبەستراوە، چەمکی بەرهەمدارییان بە مۆرفۆلۆژییەوە بەستووەتەوە. رێبازی توێژینەوەکەشمان بریتییە لە رێبازی (پەسنی شیکاریی) و پشت بە تیۆریی (بەرهەمهێنان)ی چۆمسکی بەستراوە، لە خستنەرووی داتاو زانیارییەکاندا.

هاوکات بینای توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدراوە، ئەم چەمکانە بخرێنەروو: (بەرهەمهێنان، بەرهەمداریی، داهێنان، بەرهەمداریی لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا،...&)، لەبەشی دووەمیشدا:(بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، رێگرییەکانی بەرهەمداریی، گرنگترین پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی) خراونەتەروو، لەو شوێنانەی، کە پێویستی کردبێت جگە لە نموونەی زمانە بیانییەکان، نموونەی ئێستایی زمانی کوردیش هێنراوەتەوە، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەك بە زمانەکانی ئینگلیزیی و عەرەبی خراوەتەروو.

**بەشی یەکەم: (چەمکی بەرهەمداریی و بەرهەمداریی لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا).**

# الانتاجية في علم اللغة – الانتاجية الصرفية إنموذجاً"

الأستاذ الدكتور
فاروق عمر صديق
جامعة السليمانية/ كلية اللغات
Faruk.sadiq@univsul.edu.iq

مامۆستای یاریدەدەر
مصطفى رضا مصطفى
جامعة چرمو/ كلية التربية والعلوم الطبيعية
Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

إن هذا البحث، محاولة لغوية جريئة، لتسليط الضوء على أحد المصطلحات المهمة في الدرس اللغوي بعامة، وعلم اللغة التوليدي بخاصة، ألا وهو مصطلح > الانتاجية المحدودة <، على مستوى الدرس الصرفي.

والدراسة يعتمد على إحدى النظريات الحديثة، في مجال علم اللغة، والتي هي النظرية التوليدية الجومسكية. والمعلوم لدى علماء اللغة، أنَ اللغة هي الوسيلة الوحيدة للتواصل وتبادل الافكار بين أفراد المجتمع الواحد. يقول جومسكي: " يمكن في خلال مجموعة محددة في القواعد، توليد (إنتاج)عدد غير محدود في جمل والتي تسير وفق القواعد".

إذن في منظور جومسكي، أنَ إحدى الخصائص اللغة المهمة، هي الانتاجية والابداعية. وهذا بدون شك نقطة جوهرية وأساسية لتمييز اللغة الانسانية عن غيرها من الكائنات الأُخرى التي تعيش معه.

وأخيراً البحث على بيان مفهوم الانتاجية بعامة، وإختلافها عن التوليدية، ثُم تسليط الضوء على مصطلح (الانتاجية) في مجال الدرس الصرفي، وتحديد مراحل الانتاج الصرفي، من خلال أمثلة في اللغة الانجليزية والكوردية.

## Abstract

***"Productivity in Linguistics (Productivity in Morphology as a Sample)"***

Professor Dr
Farouk Omar Sideek
University of Sulaimani / Faculty of Languages
Faruk.sadiq@univsul.edu.iq

Assistant lecturer
Mostafa Reda Mostafa
Charmo University / College of Education and Natural Sciences
Mustafa.mustafa@charmouniversity.org

The current paper is an attempt to shed light on and analyse one of the important concepts of the modern linguistic researches that is productivity and its broad field in linguistics in general and in morphology in particular. The paper relies on Chomsky's theory of productivity as an important theory in this field since it is crystal clear to linguists that language is an important means of communication, which is active and productive and plays a paramount role in creating communications and exchanging ideas among the human beings. Undoubtedly, language has suitability and flexibility to create communications and understandings among human beings as Chomsky states that with a finite (limited) number of rules and structures, an infinite (unlimited) number of sentences and utterances can be produced. From this perspective, it can be stated that productivity and creativity are important characteristics of a language in which they differentiate human being's language from animals' language and other means of communication.

In addition, the paper works on identifying the concepts of productivity and its points of difference with creativity. It focuses on morphological productivity, hindrances of morphology and grades of morphological productivity. It also presents examples from both languages, English and Kurdish.

### ١/١ بەرهەمهێنان: Production

بەرهەمهێنان، یەکێکە لە سیما دیارەکانی گەشەو گۆڕانەکانی ژیانی مرۆڤ، بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو. واتە مرۆڤ بەحوکمی ئەوەی، کە کائینێکی چالاك و جووڵاوە، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی چالاکی و ئارەزووەکانی بۆ گۆڕان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. هەروەها لەگەڵ گۆڕانی سروشت و عەقڵ و بیرکردنەوەو بارەکانی تری ژیانییدا، ئەم کائینە چالاکەش پێویستی و داواکاری و ویستەکانی زیادی کردووەو بەشوێن کەناڵ و سەرچاوەی نوێدا گەڕاوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەر شتەکانداو بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرهەمی نوێ و زیاتر، دیارە لەم ڕووەوە پێویستی بەوە هەبووە لەچەند ڕێگەیەکەوە بەرهەمی نوێ لە هەموو بوارێکدا بەدەستبهێنێت. بۆ نموونە بەرهەمهێنانەکەی، یان لەسەر بنەمای گەشەکردنی عەقڵ و هۆشی بووەو بیری فراوانبووەو شتی نوێی دۆزیوەتەوە، کە لەم بوارەدا بەرهەمەکەی دەچێتە خانەی (داهێنان)ەوە. واتە بەرهەمهێنانی شت لە نەبووەوە، یاخود لەسەر بنەمای کەرەسەو شتەکانی دەوروبەری جارێکی تر بەرهەمی نوێ و دارشتەی تازەی لێ دروستکردووەتەوە. کە لە هەردوو بارەکەدا بە ئاراستەی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بۆ بەدەستهێنانی شتومەك و کەلوپەل و تەنانەت بیرو فیکری نوێش کاریکردووە.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنان بریتییە لە: " پرۆسەی گەشەکردن، یان دروستکردنی خۆراك و کەلوپەل و مادده بە تایبەتی، بەشێوەیەکی فراوان، وەك بەرهەمی گەنم، ڕۆن، ئۆتۆمبیل، یاخود کاروپرۆسەی دروستکردنی شتێکە بەشێوەیەکی سروشتی."(١) واتە لە بارە گشتییەکەیدا بەرهەمهێنان زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە بەرهەمێکی ماددی، یاخود مەعنەوی. بۆ نموونە بەرهەمهێنانی (دانەوێڵە، کەرەسەی بیناسازی، کەرەستەی پلاستیکی، کەرەستەی تەکنیکی، ...&)، دەچنە خانەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی بابەتی ماددییەوە. هاوکات بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ، فەلسەفەی نوێ، تیۆری نوێ، بۆچوونی نوێ، ...&، ئەمانیش بۆخۆیان بەرهەمی بیرکردنەوەو لێکدانەوە و عەقڵی مرۆڤن و دەچنە خانەی بەرهەمهێنانی شتە مەعنەوی و ئەبستراکتییەکانەوە. هەموو ئەمانەش جارێکی تر دەبەسترێنەوە بە هەوڵ و تەلاشی مرۆڤ لە پێناوی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی ژیان و هاوکات پڕکردنەوەی حەزوئارەزوو پێداویستییەکانیی. واتە بکەری سەرەکی و بنەڕەتیی لەم بوارەدا مرۆڤ و پێداویستییەکانی و جموجوڵ و چالاکییەکانی مرۆڤە لە پێناوی دروستکردنی دونیایەکی باشترو ئاسۆیەکی ڕووناکتر.

هەروەها بەرهەمهێنان لە بواری زمانەوانیشدا بە باوەڕی (کریستاڵ)، بریتییە لە " چالاکی بەکارهێنانی زمان لە قسەکردن و نووسین و دانانی هێماکاندا." (٢). واتە بەکارهێنانی زمان لەبوارە جیاوازەکاندا لەلایەن ئاخێوەرانییەوە. بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ و دەربڕین و

گواستنەوەی بیرەکانی و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان یەکتردا. هەروەها ئەم زاراوەیە لە دیدی چۆمسکییەوە بریتییە لەوەی کە " هەرکەسێکی ئاسایی خاوەن زمان (چەند یاساو ڕێسایەکی دیاریکراوی ڕێزمانی) لە عەقڵیدا هەیە کە بەیارمەتی ئەوانە دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە دروستبکات و بیانڵێت و لێیان تێبگات و ڕستەی ڕاست لە ڕستەی ناڕاست جیابکاتەوە."(٣) واتە بەرهەمهێنان بۆ چۆمسکی بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕستەو دەربڕاوی نوێی زمانی لەسەر بنەمای چەند یاساو ڕێسایەکی سنووردارو دیاریکراو، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی زمانی مرۆڤەو لەم بوارەدا مرۆڤ داهێنانکارە. چونکە مرۆڤەکان بە ڕەچاوکردنی یاساو دەستوورە زمانەوانییەکان و جێبەجێکردنی یاسارێزمانییەکان و خستنەتەکیەکی کەرەستە زمانییەکان دەتوانن یەکەو دەربڕاوی نوێ و گەورەتر ڕۆبنێن و بەرهەمی بهێنن. بۆ نموونە مرۆڤێکی کوردزمان دەتوانێت لەسەر بنەمای چەند فۆنیم/دەنگێك کە لەزمانی کوردیدا نزیکەی (٣٧) فۆنیمێکە، هەزاران وشەو دەربڕاوی نوێ بەرهەمبهێنێت. هاوکات بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، کە ئەوانیش سنووردارن. هەروەها بە بەکارهێنانی وشە زمانییەکان لە بۆتەو قاڵبی ئەو یاسا ڕێزمانییانەدا، دەتوانێت بێسنوور ڕستەو دەربڕاوی نوێ بەرهەمبهێنێت. هەربۆیە دەوترێت زمانی مرۆڤ زمانێکی داهێنەرو بەبەرهەمەو جیاوازە لە زمانی ئاژەڵ.

**٢/١ بەرهەمهێنان لە زماندا:**

مرۆڤ لەگەڵ داهێنان و دۆزینەوەی کەناڵێکی گرنگی پەیوەندیکردندا، کە ئەویش زمانبوو. وردە وردە هەوڵیدا خۆی لەگەڵ گەشەو گۆڕانەکانی ژیاندا بگونجێنێت. چونکە ئیتر لەوە دەرچوو، کە زمان تەنها بۆ ناونانی شتومەك و کەرەسەی ئاسایی ژیان بەکاربهێنێت. واتە " لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان، وشەو دەربڕینەکانیش بەرەو ئاڵۆزیی چوون، لەوە دەرچوون کە تەنها ناونانی شتومەکەکان بن، بەڵکو دەربڕی بیرە ئەبستراکتەکانیش بوون، ئەمانەش سەرجەمیان بەپێی سیستمێکی ڕێك و پێك لە گەنجینەی مێشکی مرۆڤدا بەشبەشکراون."(٤)

کەواتە لێرەوە بەرهەمهێنان لە زماندا، دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و مرۆڤ ناچارە بۆ هەڵکردنی لەگەڵ واقیع و بارە نوێیەکاندا زمانیش بە قازانجی خۆی بەکاربهێنێت و لە هەوڵی ئەوەدا بێت، کە زمان وەك سەرەکیترین و گرنگترین کەناڵی پەیوەندی گەشەی پێبدات و خزمەتی بکات. چونکە " پێشکەوتنی هزروبیری مرۆڤ و پێداویستی ژیان و کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاددەبن و گەشەدەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێکیان لەبەرهەمهێنان دەکەون بەڵام بزوتنەوەیەکی بێوچان و بەردەوام لە زماندا هەیە وشەی نوێ دروست دەبێت لەسەر بنچینەی ئەو وشانەی لە زووەوە لە زمانەکەدا هەن."(٥) هەربۆیە بە باوەڕی چۆمسکی بەرهەمهێنان لە زماندا تەنها ئەوە

نیـیه، که مـرۆڤ بتوانێـت ڕسـتەکانی زمـانەکەی بەکاربهێنێـت. بەڵکـو بەچەنـد لایەنێکـی تـرەوە پەیوەسـتە. لەوانە تێگەیشـتن لەو ڕسـتانەی، کە پێشـتر نە درکانـدوونی وە نە بیستوونیشـی. واتە چۆمسکی " ئاماژەی بۆ تیۆرێکی زمانەوانی کرد، کە بتوانێـت شـیکردنەوەو لێکدانەوەی دروست بـۆ ڕسـتە بکـات، بە واتـایەکی تـر ئامـاژە بـۆ (توانسـت – competence)ێـك دەکـات، کە ڕسـتەی وا بەرهەمبهێنێت، کە پێشـتر مـرۆڤ نەیبیسـتبێت و دواتـریش لێـی تێبگـات."(٦) هەروەهـا بە بـاوەڕی (هۆرسـێ)، چۆمسـکی لە ڕێـگەی ڕێزمـانی بەرهەمهێنـانەوە دەیویسـت ئامـانجی زماننـاسـی بگۆڕێـت، بەوەی، کە وەسفێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکەی مرۆڤ بکات، کە لەبارەی زمـانەکەی خـۆیەوە دەیانزانێت، ئەم وەسفەش دەبێت لە کۆمەڵە یاسایەك پێکبێت، کە مـرۆڤ بتوانێـت ڕستەی ڕێزمـان دروست لە ڕستەی نارێزمانی جیابکـاتەوە.(٧) هاوکـات بەرهەمهێنـان لەزمانـدا وەك تیـۆرە نوێیەکـان ئامــاژەی بــۆدەکەن لەگەڵ لەدایکبــوونی منالّــدا ئەو توانــایەی لەبــاردا هەیە، کە بتوانێــت زمــان بەرهەمبهێنێت. واتە " منـداڵ لە دەوروبەری تەمەنـی دوو ساڵیدا گرنگی بەبەرهەمهێنـانی ڕسـتەی دوو وشەیی یان سێ وشەیی دەدات، کە هەمیشە کورت و شـێوەی کەموکورییـان هەیەو بە ئاخـاوتنی (تەلەگرافی) ناونراون. واتە لەم قۆناغەدا، کە لایەنی خوڵقانـدنی زمـانی، یـان بەرهەمهێنـانی زمـانی دەردەکەوێـت، چـونکە ئەو چنـراوانەی، کە منـداڵ بەرهەمـی دەهێنێـت، دروسـتکراوی خـۆیەتی و لاساییکردنەوەی تووتی ئاسای دەوروبەرەکەی نییـە."(٨) هەربـۆیە زمانەوانـان لەسـەرئەوە کـۆکن. کە مێشکی مرۆڤ (مۆدولارییە)، واتە پێرەوێکی چڕوئاڵۆزە. بێگومان یەکێك لەم پێڕەوانەش بریتییە لە زمان، واتە ڕێزمانی زمانەکە. ڕێزمانیش دەتوانین بڵێین لە وەچە پێڕەوی بچووکتر پێکهـاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە وەچە پێڕەوەکانی: (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس).

کەواتە زمــان یــاخود ڕێزمــان لە بەرهەمهێنانــدا " پێــڕەوی ڕێســاو یاســاو مەرجەکــانی خستنەتەکیەکی وشەو فرێزەکان و بەرهەمهێنانی ڕستەکانەو پەیوەست بە بەرهەمهێنـانەوە لەڕێـی خسـتنەتەکیەوە لە سێ پێکهـاتە یـان لە سـێ ئاسـتدا، لەم سـێ پێکهـاتەیە پێکهـاتووە. پێکهاتەکـانی ڕێزمان: (أ- سینتاکس (ڕستەسازیی)، ب- مۆرفۆلۆژیی (وشەسـازیی)، پ- فۆنۆلـۆژیی (دەنگسـازیی)."(٩) بـۆ نمـوونە لەبەرهەمهێنـانی هەریەك لەم سێ پێکهاتەیەدا، ڕەچـاوی یاسـا دەکرێـت. بەم شـێوەیەی خوارەوە:

( A + B + C > D). وەك:

أ- وەچە پێڕەوی دەنگسازیی: (فۆنیـم + فۆنیـم + فۆنیـم > مۆرفیم/وشە). وەك:

د + ا + ر > دار

ب- وەچە پێڕەوی وشەسازیی: ( مۆرفیـم + مۆرفیـم +... > وشە). وەك:

کورد + /-ستان/ > کوردستان

پ- وەچە پێڕەوی ڕستەسازیی: (ف.ن + ف.ك > ڕستە) وەك:

پێشمەرگە خاکی کوردستان دەپارێزێت.

**٣/١ پەیوەندی چەمکی (بەرهەمهێنان و بەرهەمداریی) لە زماندا:**

چەمکی بەرهەمداریی (productivity)، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە چەمکی بەرهەمهێنان (production)ەوە هەیە. لەبەرئەوەی تا بەرهەمهێنـان لە بوارێکدا زۆربـێ و لەگەشـەکردنـدا بێـت، ئەوا بێگومان بەرهەمەکەشی زۆردەبێت و لەکۆتاییدا ئەو شتە بەبەرهەم/بەرهەمدار دەبێت. واتە دەتوانین بڵێین پێوانەی بەرهەمداریی/بەبەرهەمی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بە ڕادەو بڕی شتی بەرهەمهاتوو دەپێورێت و دیاریدەکرێت.

کەواتە بەرهەمهێنان و بەرهەمداریی لە زمانەوانییدا، پەیوەستن بە چۆنییەتی بەکارهێنـانی یاساو دەستووره زمانەوانییەکان بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەو داتای پێویستیی زمـانەوانی. گومـانیش لەوەدا نییە، کە ڕادەی بەکارهێنان و گونجاوێتی کەرەستە زمانییەکـان لەکاتی خستنەپاڵیەکیان بـۆ دروسـتکردن و نوانـدنی ڕۆنـراوی گەورەتـر ئامـاژەیە بـۆ بەرهەمـداریی لە زمانـدا. بەڵام ئەوەش ئاشـکرایە، کە کەرەسـە زمانییەکـان جـا یاسـاکان بـن یـاخود وشـەو مۆرفیمەکـان، یـان تەنـانەت فۆنیمەکـانیش هەموویـان بە یەك وەتیـرەو ئاراسـتە لە توانایانـدا نیـیە، یـاخود ئەو لەبـارێتی و نەرمییەیان نییە، کە بتوانن. وەکیەك لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەرهەمدار بن. بۆیە ئاسـاییە، کە یاسایەکی ڕستەسازیی، یاخود وشەسازیی، لە یاسایەکی تـر بەرهەمـدارتر بێـت. یـاخود گیرەکێك لە گیرەکێکی تر بەرهەمدارترو چالاکتر بێت. هەربۆیە ئەگەر تەماشابکەین مرۆڤەکان ژمـارەیەکی زۆر واتـای وشـەی زمانەکەیـان دەزانـن، ئەگەر پرسـیاریان لێبکرێـت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ژمـارەیەکی کەمتر لەکاتی پەیوەنـدییەکانیان و ژیـانی ڕۆژانەیانـدا بەکاردەهێنن. واتە مەرج نیـیە، هەمـوو ئەو وشـانەی، کە لە زمانەکەیانـدا بەرهەمهـاتووەو لەفەرهەنگـی زمانـدا داکـراوە (خەزنکـراوە)، هەمـووی بەرهەمداربێت. کەواتە " ژمارەی ئەو وشانەی، کە کەسێك بەکاریـدەهێنێت، بەشـێوەیەکی چالاکـانە، بەبەراورد بەژمـارەی ئەو وشـانەی کەتێیـدەگەن و دەیناسـنەوە، زۆر کەمتـرە. واتە هەمـوو وشـەکان بەشێوەیەکی بەرهەمدار بەکارناهێنرێن، چونکە قسەکەری بنەڕەتیی زمانێك زیاتر لەوشەکان دەگات وەك ئەوەی بەشـێوەیەکی چالاکـانە بەکاریـان بهێنێـت، واتە ئەو وشـانەی کە تێیـدەگەن زیـاتر لە (١٠٠)هەزار وشە دەبن، بەڵام وشەی بەرهەمدار واتە ئەو وشانەی، کە بەکاریدەهێنن، لە نێوان (١٠ بۆ ٢٠)هەزار وشە دەبن، هەروەها لە فێربوونی زمانێکدا ئەو وشانەی، کە زیاتر بەکـاردێن (٣ بـۆ٥)هەزار وشە دەبن." (١٠)

کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەرهەمهێنان و بەرهەمداریی دوو چەمکی جیاوازن لە زماندا. چونکە یەکەمیان سەرجەم کەرەسە بەرهەمهاتووەکـانی زمـانەکە دەگـرێتەوە، یـاخود بە هەر

پرۆسەیەکی زمانەوانی دەگوترێت، کەبەشداربێت لەبەرهەمهێنانی ڕۆنانی لە خۆی گەورەتـردا، بەڵام دووەمیان تەنها ئەو پرۆسەو داتا زمانییانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی چالاکانە بەشدارن لەڕۆنانی کەرەسـەی نـوێی زمانییـدا، یـاخود بەردەوام بەسـەر زاری ئـاخێوەری زمـانەکەوەن و بەردەوام بـۆپڕکردنەوەی پێداویسـتییەکانی ژیـانی ڕۆژانەی بەکاریانـدەهێنێت. بـۆ نمـوونە ئەگەر باسـی بەرهەمـداریی مۆرفۆلـۆژیی بکەیـن. ئەوا دەتـوانین بڵێـین: " لە مۆرفۆلۆژییـدا، ئەگەر پرۆسـەیەك بەتەواوەتی ڕێك و پێك بێت و بەشێوەیەکی چالاکـانە لە دروستکردنی وشـەی نـوێ بەکاربهێنرێت، ئەوا وادادەنرێـت، کە ئەو پرۆسـەیە بەرهەمـدارە."(١١)، بـۆ نمـوونە ئەگەر لە زمـانی ئینگلیزیـدا گیرەکێکی وەك /ness-/، وەربگرین. کە ئاوەڵناو دەکات بە ناو، ئەوا لەچاو گیرەکێکی وەك /th-/، کە تەنها بە چەند وشەیەکی کەمەوە دەلکێت زۆر بەرهەمدارترە. وەك:

Happy + /-ness/ = happiness
Nice + /-ness/ = niceness
Steal + /-th/ = stealth

هەروەها لەزمانی کوردییدا، ئەگەر بەنموونە هەردوو گیرەکی وشەدارێژی */-ی/، /-ێنی/ی* دارێژی ناوی ئەبستراکتیی وەربگرین، ئەوا گیرەکی یەکەم بەرهەمی بەراورد ناکرێت بەگیرەکی دووەم. کە بەرهەمەکەی بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێت. وەك:

أ-گیرەکی */-ی/*: منداڵی، جوانی، ئازادی، خۆشی، سەربەستی،...&

ب-گیرەکی */-ێنی/*: کوڕێنی، بوکێنی، کچێنی، ...&

### ٤/١ چەمکی بەرهەمداریی – Productivity و داهێنان – Creativity

سەبارەت بە هەردوو چەمکی (بەرهەمداریی و داهێنان) لەبواری مۆرفۆلۆژییدا، هەرچەندە هەریەکەیان سنووری تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لە چەمکەکەی تریان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا بکێشین. چونکە لە زۆرباردا سنووریان تێکەڵدەبێت و تەواوکەری یەکترن. واتە هەردووکیان کار لەسەر بەرهەمهێنانی وشەو داتای نوێی زمانی دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بە ئاڕاستەیەکدا. بۆ نموونە (بەرهەمداریی)، کار لەسەر بەرهەمهێنانی وشەی نوێی زمانیی دەکات، لە ڕێگەی یاساو ڕێسای مۆرفۆلۆژیی شەفاف و ڕوونەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە " وشەداهێنان (جفرەدانان) لە ڕێی یەکهەمیین جار بەکارهێنانی زنجیرە دەنگێکەوە، وەك دەربڕاوێکی لێڵ/ناشەفاف، بۆ واتایەکی دیاریکراو دەهێنرێتە ئاراوە."(١٢).

کەواتە بەرهەمداریی بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن قسەکەرەوە لەکاتی ئاخاوتندا دروستدەبێت. زۆرجاریش گوێگر هەست بەوە ناکات، کە وشەیەکی تازە داهێنراوە. واتە وەك وشەیەکی ئاسایی، کە لەدەم دێتە دەرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەڵام پرۆسەکانی وەك ( Blending –

Backformation)، مرۆڤ وەك قسەخۆشی و نوكتەو بەزیرەك خۆنیشاندان بەكاریدەهێنێت. بۆ نموونە وەك پاشگری /th-/، دەچێتە سەر (گەرم warm > گەرمی warmth)، بەڵام ناچێتە سەر ( سارد cool)، ئەگەر قسەكەر ئەمەی كرد ڕەنگە بۆ پێكەنین بێت.(١٣). كەواتە " یاسایەكی بەرهەمدار ڕێگە بە ئاخێوەر دەدات لە دروستكردنی وشەیەكی نوێ بەبێ ئاگایی و بەبێ ئارەزوومەندایەتیی، بەڵام وشەیەكی نوێ بەشێوەی داهێنان ئارەزوومەندانەیەو شوێن تەرزی بێبەرهەمی دەكەوێت."(١٤).

هەروەك پێشتر ڕوونمانكردەوە ناتوانین هێڵێكی جیاكەرەوە لە نێوان (بەرهەمداریی و داهێنان)دا بكێشین، واتە ڕەنگە حاڵەتی وامان هەبێت، بۆ هەردوو پرۆسەكە ببێت. وەك پاشگری /let-/ لەم نموونانەدا:

Booklet (نامیلكە)

Wife let { (ژنە بچووكەكە)، (ڕەنگە بە گاڵتەوە بەژنێكی باڵابەرز بوترێت.)}.

كەواتە لە كۆتاییدا گرنگترین جیاوازییەكانیان بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١- لەڕووی چالاكییەوە، وشەی بەرهەمدار لەبەرئەوەی پێڕەوی یاسای ڕوونیی زمان دەكات بەبەرهەمە. بەڵام بەپێچەوانەوە بەرهەمی داهێنان كەم و سنووردارە. واتە " بەبەرهەمی بابەتی فرەجارییە، واتە لەڕووی بوونی پلەوە، بەبەرهەمی لە داهێنانی یاساگۆڕ جیادەبێتەوە."(١٥).

٢- داهێنان بەزۆری لەكارە بازرگانییەكانی ڕیكلامی كۆمپانیاو كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا دەكرێت. دیارە ئەمە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی كڕیارانە. هەروەها ڕۆژنامەكانیش ئەم كارە دەكەن بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەرەكانیان ڕابكێشن.

٣- پرۆسەكانی وشەداهێنان جیاوازن لە پرۆسەكانی وشە دروستكردن، كە ڕێسابەندن و لە ڕێی یاساو مەرجە ڕێزمانی و واتاییەكانی بەشەپێكهێنەرەكانیانەوە پێشبینی وشەی نوێیان لێدەكرێت. داهێنانی وشە word creation پێشبینیلێكراو نییە یان باشتر بڵێین لەبار نییە بۆ پێشبینیلێكردن."(١٦).


٤- بەبەرهەمی ئەبستراكتەو بەشێكە لە توانستی مۆرفۆلۆژییانە، لەكاتێكدا داهێنانی یاساگۆڕ بەشێكە لە تواناو لە ئەنجامی گۆڕان و پێویستی زمانەوە هاتووەتەئاراوە، وەك: كورتكردنەوە، وردكردنەوە، ...هتد.(١٧).

**٥/١ بەرهەمداریی و ئاستە جیاوازەكانی زمان:**

هەروەك پێشتر لەسەر بنەمای تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسكی ئاماژەمانپێكرد، كە زمانی مرۆڤ یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی بریتییە لە داهێنان و بەرهەمهێنان. دیارە بەرهەمهێنانی زمانیش جیاوازە لە بەرهەمهێنانی شتومەك و كەرەسەی ماددی، چونكە لەبەرهەمهێنانی زماندا

ئاخێوەر بەراوکردن و جێبەجێکردنی یاساو دەستووره زمانییەکان یەکەی گەورەتر دروستدەکات و بەرهەمیدەهێنێت. واتە لە زماندا مرۆڤ لە بچووکترین یەکەوە، کە دەنگەکانە دەستپێدەکات بۆ بیناکردنی گەورەترین یەکە، کە ڕستەکانی زمانن. بێگومان ئەمەش بەراوکردنی یاسا ڕێزمانییەکان دەبێت. دیارە مرۆڤ بەهۆی ئەو زانیارییە بۆماوەییەی، کە هەیەتی واتە ئەو زانیارییەی، کە چۆمسکی ناوی ناوە (توانست – competence)، دەتوانێت ڕستەی ڕێزمان دروست لە ڕستەی ناڕێزمانی جیابکاتەوە. هەر لەبەرئەمەشە، کە دەوترێت: " بەرهەمداری تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە واتای نوێ بە لێکدانی ئەو فۆڕمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەگوێرەی یاساوڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن."(١٨). هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە بەرهەمداریی بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر ڕادەو پلەی دیاریکردنی بەرهەم و بەبەرهەمییەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین ئەو پێوانەیەی، کە بۆ بەرهەمداریی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەکاریدەهێنین هەمان پێوانە بۆ یاسا فۆنۆلۆژییەکانیش بەکاربهێنین، هاوکات ئەمە بۆ یاسا سینتاکسییەکانیش هەر ڕاستە بۆیە زۆرجار کە باسی بەرهەمداریی دەکرێت زیاتر بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە دەبەسترێتەوە، چونکە لەم ئاستەدا بەئاسانی دەتوانرێت پلەی بەرهەم و چالاکیی گیرەك و یاساکان لەچاو ئاستەکانی تردا دیاریبکرێت. هەربۆیە (Lieber)ی زمانەوان کاتێك باسی (بەرهەمداریی – Productivity)، دەکات. دەیبەستێتەوە بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوەو پێی وایە کاتێك، کە گیرەکێك لە ڕۆنانی وشەی نوێدا بەشداریدەکات. ئەوا بەرهەمدارە – productive، بەڵام ئەگەر چیتر بەکارنەهات. ئەوا بێبەرهەمە – unproductive، هەربۆیە بەپێی ئەم دایەگرامەی خوارەوە گرنگترین فاکتەرەکانی بەرهەمداریی خستووەتەڕوو:(١٩).

نەخشەی ژمارە (١) فاکتەرەکانی بەرهەمداریی




کەواتە هەریەك لەو فاکتەرانەی، کە بەپێی نەخشەی (١) خستمانەڕوو، ڕۆڵیان لەبەرهەمداریی یاسایەك، یاخود گیرەکێکی مۆرفۆلۆژییدا هەیە. هەربۆیە هەوڵدەدەین ئەم فاکتەرانە بەشێوەیەکی کورت و پوخت بخەینەڕوو:

**یەکەم/ ڕوونیی – شەفافییەت:** مەبەست لە (ڕوونیی – شەفافییەت)، ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەئاسانی دەتوانرێت پارچەکانی لە یەکتری جیابکرێتەوە، واتە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێکوپێکەو هەروەها لەڕووی واتاییەوە ڕێکەوتن لەنێوان فۆرم و واتای وشەکەدا هەیەو واتاکەی پێشبینیکراوە. بۆ نموونە وەك وشە ناسادەکان، کە واتاکەیان ڕوون و پێشبینیکراوە و دەتوانی پێشبینی واتاکەیان لە پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە بکەیت. بەڵام ئەمە بۆ وشە سادەکان وانییە. وەك:

- هێلکەوڕۆن ............ واتاکەی پێشبینی کراوە.
- هێلکە، ڕۆن............ بەتەنها واتای تاك تاکی وشەکان ڕوون نییە.

هەروەها ئەمە بۆ گیرەکەکانیش هەر ڕاستە بۆ نموونە پاشگرێکی وەك /-ەتی/، واتاکەی پێشبینیکراو نییە، چونکە دەچێتە سەر بناغەی جیاوازو چەمکی جیاواز دەبەخشێت. وەك:

- پیاوەتی.............. ناوی ئەبستراکتی ڕۆناوە (+ئەبستراکتیی).
- خۆشناوەتی......... ناوی شوێنی ڕۆناوە. (+شوێن).

**دووەم/ دووبارەبوونەوە لەگەڵ بناغەدا:** لێرەدا فاکتەری ژمارە ڕۆڵدەبینێت. کە ناوەڕۆکی کارەکەی ئێمە دەگرێتەوە. (بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی)، چونکە تاوەکو گیرەکێك زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەبێت لەگەڵ بناغەی جیاوازدا ئەوا پاشگرێکی چالاك و بەبەرهەمە، بەڵام بەپێچەوانەوە بێت، ئەوا پاشگرێکی بێبەرهەم و ناچالاك دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر هەردوو پاشگری (/-گە/ و /-ەڵان/)،

وەربگرین، کە هەردووکیان دەربڕی چەمکی شوێنن، ئەوا بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت. کە یەکەمیان پاشگرێکی بەرهەمدارەو دووەمیشیان پاشگرێکی بێبەرهەم، یاخود کەمبەرهەمە. وەك:

- /-گە/: (کارگە، خوێندنگە، فێرگە، شەڕگە، سەربازگە، سەیرانگا، دایەنگا، چادرگە، مەلەوانگە، خولگە، ڕووگە، خێوەتگە، ....&).
- /-ەڵان/: (قامیشەڵان، زیخەڵان، بەردەڵان،...&).

**سێیەم/ بەسوودیی:** ئەمیش یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەرهەمداریی، چونکە بنەمای بەسوودیی پاشگرێك و چالاکیی، بەڕێژەی بەرهەمەکەی و بەشداریکردنەکەیدا دەردەکەوێت لە ڕۆنانی وشەی نوێداو ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی پێداویستی ئاخێوەردا، هاوکات پێویستە ئەوەشمان لەیادنەچێت، کە مەرج نییە پاشگرێك لە قۆناغێکدا بەرهەمدار بێت. هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە. دەگونجێ لە قۆناغێکی تردا بەرهەمدار نەبێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا پاشگری /-کەر/، بەرهەمداربووەو چەندین وشەی پێدروستکراوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاوبێژی لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، ئەم پاشگرە کەمتر بەکاردێت و قسەکەر هەوڵدەدات (جێگیر — بدیل)ی بۆ بدۆزێتەوە. وەك:

یاریکەر: یاریزان

گۆڵکەر:گۆڵکار

ڕاوکەر:ڕاوچی

کارەکەر:خزمەتکار/خزمەتگوزار

قسەکەر:وتەبێژ..............&

### ١-٥/١ بەرهەمداریی فۆنۆلۆژیی:Phonological Productivity

بەرهەمداریی لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا کەمتر گرنگی پێدراوە. لە سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمدارییان بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە بەستووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمانوایە، کاتێك باسی بەرهەمداریی زمانیی دەکەین، ناکرێت ئاستێکی زمان بگرین و ئاستەکانی تر فەرامۆشبکەین، چونکە هەموو ئاستەکانی زمان پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترن. واتە کاتێك دەوترێت زمان کائینێکی بەرهەمدارە، ئەوا سەرتاپای زمان دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت، کە هەر ئاستەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. کەواتە بەرهەمداریی لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا لە چەند خاڵێکدا کۆی دەکەینەوە.

١- تواناو لەبارێتی و نەرمیی بێسنووری فۆنیمەکانی زمان بۆ نواندنی مۆرفیم و وشەکانی زمان، بەرهەمداریی ئەم ئاستە دەسەلمێنێت. چونکە ئەوە بەرهەمداریی ئاستی فۆنۆلۆژییە، کە ئەو

توانایەی بەمرۆڤ بەخشیوە لەسەر بنەمای ژمارەیەکی دیاریکراوی فۆنیم، بەبێ سنوور بتوانێ مۆرفیم و وشەی نوێ بەرهەمبهێنێت.

٢- توانای چەندبارەبوونەوەی فۆنیمەکانی زمان بەرهەمداریی ئاستی فۆنۆلۆژیی پیشاندەدات، لەبەرئەوەی یەکێك لە فاکتەرەکانی بەرهەمداریی بریتییە لە (چەندبارەبوونەوە)، بێگومان ئەم توانایە لە فۆنێمەکانی زماندا هەیە.

٣- لەئاستی فۆنۆلۆژییدا قسەپێکەرانی زمانێك زانیاریی زیاتر لەوەیان هەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. ئەمەش مەبەست لە هێزو ئاوازو تۆنە، واتە بوونی هێزو ئاوازو تۆن لە زماندا ڕێگەیەکی دیکەی بەبەرهەمییە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا."(٢٠)

### ٢-٥/١ بەرهەمداریی سینتاکسی:Syntactic Productivity

لەبارەی بەرهەمداریی سینتاکسییەوە (Haspelmath)، دەڵێت: " یاسا سینتاکسییەکان بەرهەمدارن، بەڵام کەمێك لە سینتاکسزانەکانەکان نیگەرانن لەوەی، کە چۆن بەرهەمداریی پێناسە بکەن و دیاریبکەن. بۆیە هیچ زمانەوانێك بەشێکی تەواوی لە کتێبە سینتاکسییەکان بۆ بەرهەمداریی تەرخاننەکردووە، واتە لە سینتاکسدا زمانەوانەکان ڕستە گونجاوەکان دەخوێنن و گرنگی زیاتر نادەن بەوەی، کە ئایا ڕستەکان ڕاستەقینەن یاخود نا."(٢١)، کەواتە ئەوەی لە سینتاکسدا گرنگە بۆ زمانەوانەکانی ئەم بوارە زیاتر کارکردنە لەسەر یاسا سینتاکسییەکان و چۆنییەتی بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ، هاوکات چۆنییەتی پێڕەوکردنی یاساکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست. ئەمە جگە لەوەی، کە مرۆڤ چۆن بتوانێت ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی نارێزمانی بەهۆی ئەم یاسایانەوە لە یەکتر جیابکاتەوە. هەربۆیە دەتوانین بەرهەمداریی سینتاکسی زیاتر بەو تیۆرەوە ببەستینەوە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان پێبەستووە، ئەویش تیۆری (بەرهەمهێنان)ی چۆمسکییە. چونکە بەرهەمداریی سینتاکسیی وەك چۆمسکی ئاماژەی بۆکردووە، بریتییە لە توانای مرۆڤ لەبەرهەمهێنانی بێسنووری ڕستەو دەربڕاوە نوێیەکان، کە مرۆڤ پێشتر نەبیستوویەتی وە نە درکاندوشیەتی. دیارە ئەمەش پەیوەستە بەجێبەجێکردنی یاساو دەستووورە زمانەوانییەکانەوە. هاوکات چۆمسکی لەباسکردنی بەرهەمداریی سینتاکسیدا باسی لە زاراوەی (توانست – competence) کردووە. کە " بریتییە لە سیستەمی ئەو یاسایانەی، کە قسەکەر لەبارەی زمانەکەیەوە کۆنترۆڵی کردوون، هەربەهۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە پێکبهێنێ و لێ یان بگات."(٢٢).

واتە بەرهەمداریی سینتاکسی لەلایەکەوە پەیوەستە بەتوانای مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئەو چەند یاسا سنووردارەی زمانەکەی بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە لەبارێتی و کورتی و پوختی ژمارەی یاساکان و دەسەڵاتشکانەوەی مرۆڤ بەسەر یاساکاندا بۆ

بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێ لە هەرکات و شوێنێکدا بێت بە پێی پێویست. واتە ئەو ڕەهاییەی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە بتوانێت گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، لە ڕێگەی دەربڕینی ڕستەی گونجاوەوە. هەرکات پێویستی بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و قسەکردن چ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بێت، یان تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین: " یاسابەندیی و فراوانکاریی، دوو چەمکی سەرەکیی بەبەرهەمی سینتاکسن. چەمکی یاسابەندیی بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەوە بەندە. مەبەست لە فراوانکاریش بەکارهێنانی تەرزەکانە بە چەشنی نوێ، مەبەست بەکارهێنانی تەرزە سینتاکسییەکانە بۆ گوزارشتە نوێ و داهێنراوەکان."(٢٣)، لە ئاستی سینتاکسدا لە زۆر بواردا باسی بەرهەمداریی سینتاکسی دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، بۆ نموونە وەك بەرهەمداریی هێزی کردار لە ڕووی تێپەڕی و تێنەپەڕییەوە. ...&.

### ٣-٥/١ بەرهەمداریی سیمانتیکی: Semantic Productivity

یەکێك لەو بنەمایانەی، کە زمانەوان (Lieber)، ئاماژەی بۆکردووە بریتییە لە (ڕوونیی – شەفافییەت)، کە بەیەکێ لە بنەماکانی بەرهەمداریی ئەژماریکردووە. ئەمەش لە دوو ڕوانگەوە، لەلایەکەوە ڕوونیی پێکهاتەو ڕۆنانی وشە ئاڵۆزەکان، لەلایەکی تریشەوە ڕووونیی سیمانتیکیی پارچە پێکهێنەرەکانی وشەکە. واتە ڕوونیی و شەفافییەتی سیمانتیکی هۆکارە بۆ زووتر تێگەیشتنی واتای وشەو دەربڕاوەکان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە. بۆ نموونە لەکاتی دروستکردن و ڕۆنانی وشەی نوێدا ئاخێوەر بەئاسانی دەتوانێت لە واتای وشەکە بگات. چونکە پێشتر واتای پارچە پێکهێنەرەکانی زانیوە. کە ئەمەش دەچێتە خانەی بەرهەمداریی سیمانتیکییەوە. هەروەها بەرهەمداریی سیمانتیکی دەتوانین ببەستینەوە بە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکانەوە. بۆ نموونە بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانەوە مرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی واتای وشەکانی تر بدۆزێتەوە. لە کاتێکدا ئەگەر واتای وشەی (باش) بزانین، ئەوا واتای وشەی (خراپ)یش کە دژواتای وشەی یەکەمە بە ئاسانی دەزانین. کەواتە " بەبەرهەمی سیمانتیکی لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبەت لە هاوواتایی و فرەواتاییدا."(٢٤)، هاوکات دەتوانین بەرهەمداریی لە ئیدیەمەکانیشدا وەك ئەدگارێکی سیمانتیکی هەستپێبکەین، چونکە بەکارهێنانی وشەکان بۆ مەبەستی جیاوازو گواستنەوەی واتاکەی لە واتایەکی ئاساییەوە بۆ واتایەکی ئیدیەمی، ئەمە بۆخۆی بەرهەمداریی سیمانتیکییەو بریتییە لە فراوانبوونی بواری واتایی ئەو وشەیە. بۆ نموونە وەك ئیدیەمەکانی: (هەڵەوەڕ: چەنەباز: زۆربڵێ: چەقاوەسوو)، کە هەموویان تاڕادەیەك هەمان واتایان هەیەو مەبەست لە مرۆڤێکە، کە لە سنووری ئاسایی خۆی زیاتر قسەدەکات.

## بەشی دووەم: (بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی و ڕێگرییەکانیی)

### ١/٢ مۆرفۆلۆژیی لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا:

مۆرفۆلۆژیی، كە لقێكی گرنگی زانستی زمانی تیۆرییەو خەریكی لێكۆڵینەوەیە لە ڕووكارە جیاوازەكانی وشە، لە ڕووی (واتا، پێكهاتە، بەكارهێنان، كەتیگۆری وشە،...&). واتە " ئەو زانستەیە، كە لە پێكهاتەی ناوەكی وشەكان و ئەو یاسایانەی كە وشەكانی لێدروستبووە دەكۆڵێتەوە."(٢٥)، بۆیە هەر لەكۆنەوە بابەتێكی گرنگ بووە، لە مەیدانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانییداو لێكۆڵەران لە ڕوانگەی جیاوازو بە میتۆدو ڕێبازی جیاواز شرۆڤەیانكردووە. هاوكات ئەوەی بۆئەم توێژینەوەیە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان بێت، بریتییە لە تەماشاكردنی مۆرفۆلۆژیی بە چاویلكەی تیۆرییەكی نوێ، كە ئەویش تیۆری بەرهەمهێنانە.

كەواتە لێكۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیی و بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی بەشێكی گرنگی زانستی زمانی بەرهەمهێنانە، چونكە پەیوەستە بەتوانستی زمانیی و چالاكی بەكارهێنانی زمان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە، لەبەرهەمهێنانی ڕستەو وشەو داتای نوێی زمانییدا.

### ٢/٢ بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی: Morphological Productivity

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی توێژەردان، بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی (Morphological Productivity) گرنگییەكی زۆری پێدراوەو زیاتر بووەتە جێی سەرنج و قسەی توێژەران و مەودایەكی فراوانی لە توێژینەوەكانیاندا داگیركردووە. هەربۆیە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، كە بیروبۆچوونەكانیش لەمبارەیەوە جیاواز بن و ڕایەكی یەكگرتوویان نەبێت. بۆ نموونە ئایا ئەوە یاساكانن بەبەرهەمن؟، یاخود تەرزە مۆرفۆلۆژییەكانن؟، یان خودی مۆرفیمە بەندەكانن؟. واتە لە سەرچاوەكاندا بەشێوەیەكی بەرچاو ڕای جیاواز دەبینرێت دەربارەی وشەی (بەرهەمداریی – Productivity)، لەبواری مۆرفۆلۆژییدا. بۆ نموونە هەندێك لە توێژەران پێیانوایە، كە پاشگرو پێشگر (affixes)ەكان، بە پێزن. بەڵام كۆمەڵێكی تریان پێیانوایە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان بەبەرهەمن، بەشێكی تریان ڕایانوایە، كە ئەوە یاساكانن بەبەرهەمن. هەروەها بەشێكی كەمیشیان پێیانوایە، كە ئەوە وشەكانن بەرهەمدارن. لەگەڵ هەموو ئەم ڕایانەشدا هەندێكی تریان دەڵێن بەشێوەیەكی گشتیی بەرهەمداریی سیفەتێكی گشتی سیستەمی زمانە."(٢٦)، هەر لەم ڕووەشەوە لە كتێبی (Understanding Morphology )دا هاتووە، كە " لە بنەڕەتدا بیرۆكەی بەرهەمداریی بەسەر دوو شێوەو پێكهاتەی دروستبوونی وشەو وشەسازییدا جێبەجێدەكرێت كاتێك بیر لە بەرهەمداریی دەكەینەوە، چەندین پرسیای جۆراوجۆر سەرهەڵدەدات لەوانە (٢٧):

١- ئایا بەرهەمداریی قسەكەرێك بەشێكە لە زانیاریی زمانیی قسەكەرەكە؟

٢- چی وادەكات یاسایەك لە یاسایەكی تر بەرهەمدارتر بێت؟

٣- ئایا جۆرەكانی یاسا بەرهەمدارن، یاخود نا؟

٤- ئایا بەرهەمداریی ڕێژەییە؟

٥- چۆن دەتوانرێت بەرهەمداریی یاسایەك بپێورێت؟

٦- چۆن دەتوانین بەرهەمداریی دوو یاسا بەراورد بکەین؟

کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی هەروا کارێکی ئاسان نییە و ناتوانین لەخۆمانەوە بەبێ بوونی چەندین داتاو زانیاریی وردو پێویست وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، چونکە زۆرجار دەستڕاگەیشتن بە هەندێ داتاو کەرەستەی پێویست بۆ دیاریکردن و پێوانی بەرهەمداریی یاسایەك کارێکی قورس و گران دەبێت و لەوەشە زۆرجار ئامانجێك نەبێت. هەربۆیە بۆ وەڵامدانەوەیەکی کورتی ئەو پرسیارانەی، کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا دەتوانین بڵێین، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، لەسەر بنەمای کارەکەی چۆمسکی، کە باس لە بەرهەمداریی زمانی مرۆڤ دەکات و پێیوایە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەندێ یاسای ڕێزمانی پێبەخشراوە، هەربۆیە بەرهەمداریی دەتوانین بە بەشێك لە توانستی زانیاریی قسەکەری لەقەڵەمبدەین، لەبەرئەوەی وەك (باوەر)ی زمانەوان دەڵێت: " بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمداریی سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە."(٢٨)، واتە مادام بەرهەمداریی سیفەتێکی گشتی سیستەمەکە بێت، کەواتە توانستی قسەکەریش دەربارەی زمانەکەی بەشێکە لە سیستەمەکە، ئەمە جگەلەوەی کە مرۆڤ ئەو زانیارییە زمانییەی، کە هەیەتی (مەبەست لە یاساکان)ە، جا (یاسا فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی)ەکان بێت، بە ژمارە بەراورد ناکرێت بە بەرهەمی ئەو داتا نوێیانەی، کە لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە بەرهەمیاندەهێنێت.

کەواتە بۆیە بەرهەمداریی بەشێکە لە زانیاریی زمانیی قسەکەر، چونکە هەموو یاساکان کە بەشێکن لەو زانیارییە زمانییە، ئەو نەرمیی و لەبارێتییەیان تێدایە، کە مرۆڤ بتوانێت داتای نوێیان پێبەرهەمبهێنێت. هەربۆیە " بەبەرهەمی لە پێڕەوی پەیوەندیکردندا ئەو تایبەتمەندییەیە، کە ڕێگە بەدارشتن و شیکردنەوەی هێمای نوێ دەدات، گرنگیی بەبەرهەمی لە زانستی زمانی نوێدا جەختی لێکراوە، بە تایبەتی لەلایەن چۆمسکییەوە، لەگەڵ ئاماژەدانی تایبەت بۆ کێشەی بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە."(٢٩).

کەواتە دەتوانین بەبەرهەمی بە بەشێك لە زانیاری زمانیی قسەکەرەوە ببەستینەوە. چونکە لەسەر بنەمای کارەکەی چۆمسکی، کە زمان وەرگرتن تەنها لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە نابێت، بەڵکو منداڵ هەر لە تەمەنێکی کەمەوە توانای بەرهەمهێنانی داتای زمانیی هەیە. بێگومان بیناکردنی ئەم داتا نوێیە زمانیانەش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە زمانییە دەبێت، کە بۆماوەیی و خوابەخشە. هەربۆیە " بەستنەوەی بەبەرهەمی بە تیۆری بەدەستهێنانی زمان لەلایەن منداڵەوە جێگەی گرنگیپێدانەو یەکێکە لەو بەڵگانەی، کە دەیسەلمێنێت زمان یاسا – جڵەوگرە، لە تاقیکردنەوەکەی

(wug – test)دا ئەم ڕاستییە دەردەكەوێت."(٣٠) هاوكات سەبارەت بە پرسیاری دووەم لەوەیە هۆكارەكان جیاواز بن بەپێی ئاستەكانی زمان. كەوا لە یاسایەك بكەن بەرهەمدار بێت. بۆ نموونە لەوەیە هۆكارەكە زمانەوانی بێت و پەیوەندیدار بێ بەیەكێك لە ئاستەكانی زمانەوە، لەوەشە هۆكارەكە نازمانی بێت و بە ئاسانی نەتوانرێت هۆكارێكی ڕوونی بۆبدۆزرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر باسی یاسایەكی مۆرفۆلۆژیی بكەین لە زمانی ئینگلیزیدا، دەتوانین بڵێین " كۆكردنەوەی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەند شێوەیەك دەكرێت، وەك:

Cat = cats
Ox = oxen
Mouse = mice

یاخود بۆ كۆكردنەوەی وشەیەكی وەك: (Focus = foci)، پێویستی بە شارەزایی زمانی لاتینی هەیە، چونكە بنەچەی وشەكە لاتینییە. بۆیە زیادكردنی /S-/ زیاتر پەسەندكراوە."(٣١)، یاخود لە زمانی كوردیدا بۆ ڕۆنانی ناو، كردار دوو یاسای پێچەوانەمان هەیە لە ڕووی چالاكییەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- ناو + /-پاشگر/ = ناوی دارێژراو............ (یاسایەكی بەرهەمدارو چالاكە).

٢- /پێشگر-/ + كردار = كرداری دارێژراو ....( یاسایەكی بەرهەمدارو چالاكە).

هەروەها سەبارەت بەوەی، كە ئایا چۆن دەتوانرێت بەرهەمداریی یاسایەك بپێورێت؟ لەوەیە لەوەڵامدا بتوانین چەند خاڵێك ڕیزبكەین. بەڵام گرنگترینیان پەیوەستە بەلایەنەكانی (ڕوونیی – شەفافییەت، توانای چەندبارەبوونەوە)وە، ئەمە جگە لەلایەنی ئاوازو مۆسیقای ئەو گیرەكە مۆرفۆلۆژییە، یاخود لایەنی ستراكچەری (گیرەك/affix)ەكە، چونكە هەموو ئەمانە هۆكارن لەبەرهەمداری یاسایەك و بێبەرهەمی یاخود كەمبەرهەمی یاسایەكی تری مۆرفۆلۆژییدا. هاوكات " ڕێی تێدەچێ یاسایەكی بێبەرهەم، ببێتە یاسایەكی بەرهەمدار."(٣٢) واتە فاكتەری كاتیش ڕۆڵی هەیە لەئاڵوگۆڕی ڕێژەی بەرهەم و چالاكیی یاسایەك، یاخود گیرەكێكی مۆرفۆلۆژییدا. كە دەشێت بەرهەمەكەی زیاد، یان كەمبێتەوە، بەهۆی كاتەوە. واتە "پاشگری وشەكان دەكرێ بەهۆی تێپەڕبوونی كاتەوە، كەمتر یاخود زیاتر بەرهەمدار بن."(٣٣)، بۆ نموونە نووسەر پاشگرێكی وەك /-dom/ی زمانی ئینگلیزی، لە چەند قۆناغێكدا خستووەتەڕوو، كە ئەوانیش قۆناغەكانی نێوان سەدەی (١٢ – ١٩)یە، ئەم گیرەكە لە سەدەی (١٢) بەدواوە بەرهەمداریی زۆر دابەزیوە، پاشان لە سەدەی (١٨) بەدواوە بەرهەمی زۆر زیادی كردووە، كە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. هەروەها نووسەر باسی ئەوە دەكات، كە سەرەتا ئەم پاشگرە /-dom/ دەخرایە سەر چەند ناو، یاخود ئاوەڵناوێكی دیاریكراو. بەڵام لە سەدەی (١٩) بەدواوە بەكارهێنانی زیاتر فراوانبوو، كە دەچووە سەر

ناوی گشتی و ناوی ئاژەڵ و ....&، دەپرسێ بەهۆی چییەوە بەکارهێنانی زیادی کردووە، لەوەڵامدا دەڵێت ئەمەش نهێنییەو نەزانراوە.

هەروەها هەر سەبارەت بە پێوانەی پلەی بەرهەممداریی مۆرفۆلۆژیی، زمانەوان (Haspelmath)، چەند پێوەرێکی دیاریکردووە، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- دیاریکردنی ژمارەی ئەو وشە گونجاوانەی، کە دەتوانرێت بەپێی تەرزێکی دیاریکراو بەرهەمبهێنرێن. ئەمەش قورسترین چەمکە بۆئەوەی بتوانین بەرهەممداریی پێبپێوین. چونکە ئەم کردەیە پێویستی بەوەیە، کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەموو ڕێگرییەکانی بەردەم ئەم تەرزە وشە دروستکردنە دیاریبکرێن.

٢- ڕێژەی وشە ڕاستەقینەکان بۆ وشە گونجاوەکان، ئەم پلەیە بە پلەی (شەکەتبوون)یش دەناسرێت. چونکە لێرەدا پێویستی بەوەیە، کە ژمارەی وشە گونجاوەکان بژمێرین، دیارە ئەمەش ئیشێکی کردەیی نییە. هەروەها ژمارەی وشە ڕاستەقینەکان بەرەو وشە گونجاوەکان شتێکی بێ مانایە.

٣- ژمارەی وشە نوێیە دروستکراوەکان، گەواهی لەسەر ماوە دیاریکراوەکان دەدەن. کە ئەمەش پێویستی بە فەرهەنگێکی باوەڕپێکراو هەیە. هاوکات دەتوانرێت ئەم پێوانەیە سوودی لێوەربگیرێت بەبوونی فەرهەنگێکی مێژوویی."(٣٤).

هاوکات هەر سەبارەت بە ڕێگاکانی پێوانی بەرهەممداریی (Lieber)ی زمانەوان دەڵێت: " کاتێك باسی بەرهەممداریی دەکرێت، دەبێت چەندەها فاکتەر لەبەرچاوبگیرێت. لەوانەش بەسوودی و ڕێگرییەکان و شەفافییەت."(٣٥)، بۆ نموونە (Lieber) یەکێك لەو ڕێگایانەی، کە بە (کارەقورسەکە) ناوی دەبات، بۆ دیاریکردنی پێوانی بەرهەممداریی. بریتییە لە ژماردنی وشەکان. دیارە ئەم ڕێگەیەش بەکارێکی قورس دادەنێت و پێی وایە ئەو وشانەی لە فەرهەنگدان و شەفافن و هەروەها دیارو ڕوونە، کە چۆن دروستکراون. ڕەنگە هەموویان تۆمارنەکرێن. چونکە دانەری فەرهەنگەکە ڕەنگە وابیربکاتەوە، کە ئاسانن و خوێنەر خۆی دەتوانێت بیاندۆزێتەوەو پێویست بە نووسینیان ناکات. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو وشانەی، کە ناشەفافن و شێوازی ڕۆنانیان زۆر ڕوون نییە، دانەری فەرهەنگ هەموویان تۆمار دەکات، چونکە خوێنەر خۆی ناتوانێت جیایان بکاتەوە. هەربۆیە لەڕووی ژمارەوە زۆرتر دەردەکەون و بەرهەممدارتر دیارن. کە ئەمەش ڕەنگە ئەنجامی پێچەوانە بدات و بەرهەممدارەکان کەمتر دەربکەون لە کەمبەرهەممەکان.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە مۆرفۆلۆژییدا، هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو و چالاکانە بتوانێت بەشداریبکات لە بەرهەمهێنانی وشەو داتای نوێی زمانیدا، ئەوا ئەو پرۆسەیە بەرهەممدارە. واتە بەرهەممداریی مۆرفۆلۆژیی وەك پێشتر لە پێوانەکانی مۆرفۆلۆژییدا لای (Haspelmath)، خستمانەڕوو. پەیوەستە بەڕێژەو ژمارەی ئەو داتا نوێیانەی، کە لە ئەنجامی

جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا لەدایکبوونەو بوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان. هاوکات بەراوردکردنی تەرزێکی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ تەرزێکی تردا دووبارە بەرپێژەی بەرهەمییدا دیاریدەکرێت. کە لەم ڕووەوە داتاو ئامار ڕۆڵی گرنگ دەبینن. هەربۆیە ( Aronoff and Fudeman)، دەڵێن: " ئەگەر بمانەوێت بڵێین پێکهاتەیەکی دراوی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدارترە لەوانی تر، ئەوا دەبێت بڵێین کە گریمانەی وشەیەکی شاراوەی زمان لە تەرزی یەکەمدا بەرزترە، یاخود بەرهەم و بەکارهێنانی زیاترە، وەك لە تەرزی دووەم."(٣٦).

کەواتە پاش ڕوونکردنەوەو خستنەڕووی بەرهەمداریی و پەیوەستکردنی بە ئاستە جیاوازەکانی زمانەوە، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی لە هەموو جۆرەکانی تر، یاخود لە ئاستەکانی تری وەك: (دەنگسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی)، زیاتر گرنگی پێدراوەو کاری لەسەرکراوە. هەروەها زمانەوانان چەند ڕێکارو پێوانەیەکیان داناوە بۆ دیاریکردنی پلەو پێوانی بەرهەمداریی، کە کۆی هەموو پێوانەکان بوونی ڕێژەو ژمارەی بەرهەمی یاسا، یاخود تەرزێکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێکی مۆرفۆلۆژییە. چونکە لە بنەڕەتدا بەرهەمداریی بە بوونی بەرهەم و داتاو ژمارەوە دەردەکەوێت؛ کە بەرهەمدارە، یان کەمبەرهەمە. هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی هەوڵدەدەین گرنگترین ڕێگرییەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بخەینەڕوو.

### ٣/٢ ڕێگرییەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی: Restriction

بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بابەتێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەشێت کۆمەڵێ ڕێگری و سنووورداری بێتە بەردەم پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێك، واتە هەروەك پێشتریش خستمانەڕوو، کە مەرج نییە، هەموو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی وەکیەك بەرهەمداربێت، بەڵکو چەند فاکتەرێك دەبنە ڕێگری و بەرهەمدارییەکەی سنووردار دەکەن. کەواتە " پرۆسەی وشەدارشتن لە زماندا ڕەها نییە، چەندین هۆکاری زمانیی و نازمانیی کاردەکەنە سەر ڕادەی بەبەرهەمیی ئەم پرۆسانە. ئەمەش لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەرچەندە کۆمەڵێك لێکچوونیش لەنێوان زمانەکاندا هەن."(٣٧)، هاوکات بۆخستنەڕووی گرنگترین ڕێگری و سنووردارییەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە (Lieber)ی زمانەوان، سێ ڕێگری سەرەکی خستووەتەڕوو، کە ئەوانیش: (١-ڕێگری کاتەگۆریی – categorical restriction، ٢- ڕێگری فۆنۆلۆژیی – phonological restriction، ٣- واتای بناغە – the meaning of the base). هەروەها جگە لەم سێ جۆرە باسی چەند ڕێگرییەکی تری کردووە. لەوانە: (أ- ڕێگری ئەتیمۆلۆژیی، ب- ڕێگری سینتاکسی، پ- ڕێگری پراگماتیکی)."(٣٨)، هەر لەم ڕووەوە (plag) ڕێگرییەکانی تەنها بۆ دوو جۆر دابەشکردووە، کە ئەوانیش: (ڕێگرییە دروستەییەکان)، کە تیایدا باس لە دروستەی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی،

سینتاکسی، سیمانتیکی) دەکات. هەروەها ڕێگرییە پراگماتیکییەکان.(٣٩)، بەڵام زمانەوانانی تری وەك (aronoff and fudeman:٢٠١١)، (katamba:٢٠٠٣)، (baure:٢٠٠١)، زیاتر گرنگییان بە ڕێگرییە دروستەییەکان داوە. هەربۆیە ئێمە بەسوودوەرگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان هەوڵدەدەین گرنگترین ڕێگرییە مۆرفۆلۆژییەکان بخەینەڕوو.

### ١-٤/١ ڕێگری فۆنۆلۆژیی: phonological constraints

یەکەم جۆری سنوورداری لە بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژیی، ڕێگری فۆنۆلۆژییە، هەروەها دەبینین، کە فۆنۆلۆژیی هۆکاری دابەشبوونی ئەلۆمۆرفەکانە، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی سنووردار دەکات لە ڕێگای ترەوە. (باوەر – bauer)ی زمانەوان سێ جۆر ڕێگری فۆنۆلۆژیی لەسەر بەرهەمداریی دیاریدەکات:(٤٠).

أ- ئەوانەی، کە پشت بەدارِشتنەوەی بەشە جیاجیاکانی دەنگێکی دیاریکراو دەبەستن.

ب- ئەوانەی، کە پشت بەدیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی دەنگیی دەبەستن، لە نموونەی (هێزو ئاواز).

پ- ئەوانەی، کە پشت بەژمارەی بڕگەکان لەسەر بناغە یان چاوگ دەبەستن. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (al) دەچێتە سەر ئەو کارانەی، کە هێزی سەرەکی لەسەر دوابڕگەیانە. وەك: try > trial.

لەزمانی کوردیدا فاکتەری فۆنۆلۆژیی کەمتر ڕێگرە لەبەردەم بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژییدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین نموونەی پێویست لەمبارەیەوە بخەینەڕوو، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا نەهاتنی دوو ڤاوڵ بەدوای یەکدا ئەمە بووەتە هۆی هاتنەئارای ئەلۆمۆرفی جیاوازی تاکە مۆرفیمێك، ئەمەش وایکردووە لە بەرهەمی ئەو مۆرفیمە کەمبکاتەوە. وەك پرۆسەی ناسراوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا:

کوڕ + /-ەکە/ = کوڕەکە.

دەرگا + /-ەکە/ = دەرگاکە.

مامۆستا + /-ەکە/ + /-ان/ = مامۆستاکان.

### ٢-٣/٢ ڕێگری مۆرفۆلۆژیی: morphological constraints

ڕێگرییە مۆرفۆلۆژییەکان زیاتر بەپێکهاتەی ئەو بناغانەوە پەیوەستن، کە گیرەکەکە وەردەگرێت، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا هەریەکە لەم گیرەکانەی خوارەوە بناغەی وشەکە لەڕووی کەتیگۆرییەوە دیاریدەکات. کە کام گیرەکیان هەڵدەبژێرێت. وەك:

أ- گیرەکی /هەڵ-/ بناغەی کەتیگۆری ناوی ڕووداو/کردار، هەڵدەبژێرێت. وەك: (هەڵفڕین/هەڵفڕی، هەڵواسین/هەڵواسی، ...&).

ب- گیرەکی /-ن/ بناغەی کەتیگۆری ناو هەڵدەبژێرێ و دەیگۆڕێ بۆ ئاوەڵناو، بەڵام هەموو ناوێك نا، بەڵكو زیاتر ئەو ناوانەی، کە نیسبەتەن لایەنی نەرێنی مرۆڤ پیشاندەدەن. وەك: (توكن، چڵكن، ڕشكن، خرپن، گۆشتن، ورگن، گرگن،...&). هەر لەم ڕووەوە (Lieber)، کە بەرێگری کەتیگۆریی ناوی بردووە. دەڵێت: " ئەفێكسەكان لە كاتی هەڵبژاردنی بناغەكانیاندا تووشی ڕێگری دەبن و کەتیگۆرییەکی تایبەت یان زیاتر هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە وەك: پاشگرەكانی /-ity/، /-ness/، بەئاوەڵناوەوە دەلكێن. هەروەها پاشگری /-ize/ بە (ناو، ئاوەڵناو)ەوە دەلكێن. هاوكات گیرەكی /-un/ بە ئاوەڵناو و كردارەوە دەلكێت."(٤١)، كەواتە " تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەكانی بناغە، دەكرێت لەبەردەم جێبەجێكردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەكاندا ببنە ڕێگر، زۆرجار مۆرفیمە ڕەسەنەكان جیاواز لە مۆرفیمە بیانییەكان هەڵسوكەوت دەكەن، هەندێك لاگر لەوانەیە تەنها بە بناغە ڕەسەنەكانەوە بلكێن، یان بەپێچەوانەوە تەنها بەو بناغانەوە بلكێن، كە سەرچاوەكانیان زمانێكی بێگانەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری /-ant/ تەنها دەچێتە سەر ئەو بناغانەی سەرچاوەكەیان زمانی فەرەنسییە. /Assailant، entrant/ "(٤٢). كەواتە "بەرهەمداریی دەكرێت سنووورداربكرێت، بەهۆی ڕێگری مۆرفۆلۆژییەوە."(٤٣).

### ٢/٣-٣ ڕێگری سینتاكسی: syntactic constraints

جۆری بنەڕەتیی سنووورداری سینتاكسی لە دروستكردنی وشەدا پەیوەستە بەدیاریكردنی لێكسیكی وشەكە. هەندێ گیرەك تەنها دەلكێن بە ناو، كردار، یان ئاوەڵناوەوە، وەك لەزمانی ئینگلیزیدا پێشگری /-re/، تەنها لەگەڵ كرداردا بەكاردێت. Rewrite – react – reapply."(٤٤)، یاخود بۆ نموونە پاشگری /-able/ لەزمانی ئینگلیزیدا، تەنها دەچێتە سەر كرداری تێپەڕو دەیكات بە (passive)، بەڵام ناچێتە سەر كرداری تێنەپەڕ، وەك:

Love + /-able/ = loveable

Snor + /-able/ = snorable* (٤٥)

بۆ نموونە لەزمانی كوردیشدا بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناوی بكەری داڕێژراو، لەرێگەی پاشگری /-ەر/ەوە، تەنها بەو ڕەگانەوە دەلكێت. كە بناغەكانیان كرداری تێپەڕن. وەك: (خوێنەر، بینەر، بڕەر، بكەر، ...&).

### ٢/٣-٤ ڕێگری سیمانتیكی: semantic constraints

لایەنی واتایی یەكێكە لەو فاكتەرو ڕێگرییانەی، كە وادەكات لە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی كەمبكاتەوەو سنووورداریی بكات. دیارە ئەمەش وە نەبێت تەنها لەزمانێكی دیاریكراودا بوونی هەبێت، بەڵكو دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك گشتییەو لە هەموو زمانەكاندا وجودی هەیە. بۆ نموونە

له زمانی کوردیدا پاشگری /-کەر/، یەکێکە لەو پاشگرانەی، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)دا، بۆیە دەبینین بەکارهێنانی ئەم پاشگرە کەمبووەتەوە.

چونکە جۆرێك لە تابۆی زمانیی لەسەرە، زۆرجاریش ئاخێوەر هەوڵدەدات ئەو وشانەی بەهۆی ئەم پاشگرەوە ڕۆنراون، ئەگەر هاوواتای هەبوو، ئەوا هاوواتاکەی بەکاربهێنێت. بۆ نموونە وەك:

یاریکەر: یاریزان

نوێژکەر: نوێژخوێن-

کارەکەر: خزمەتکار...&

بەڵام زۆرجاریش ڕێگە بەم جۆرە گۆڕانکارییە نادرێت. وەك:

نانکەر : نانزان*

ڕاوکەر: ڕاوزان*، بەڵام لەبەرامبەردا بۆ پیشەکەی (ڕاوچی)مان هەیە.

بۆ نموونە بەکارهێنانی پێشگری /-un/ لە زمانی ئینگلیزیدا پەیوەستە بەلایەنی واتایی ئەو بناغەیەی، کە دەچێتە سەری، واتە ئەگەر واتای نەفی تیانەبوو، ئەوا پێوەی دەلکێت، بەڵام ئەگەر نەفی تیابوو ئەوا پێوەی نالکێت. وەك:

Happy (positive) = unhappy
Ugly (negative) = unugly*
Sad (negative) = unsad*

کەواتە " بەبەرهەمی دەکرێت سنووردار بکرێت بەهۆی فاکتەری سیمانتیکییەوە، (Baker) لە پاشگری /ee-/ زمانی ئینگلیزی کۆڵییەوە، لە وشەکانی وەك: ( advisee – employee – addressee)، لە ئەنجامدا بۆیدەرکەوت، کە پاشگری /ee-/ بەچەند فاکتەرێکی سیمانتیکی سنووردارکراوە، لەوانەش:

١- ئاماژەن بۆ ئەو ناوانەی، کە خاوەن هەستن.

٢- ئەو ناوانەی، کە کۆنترۆڵی تەواویان لەدەستی خۆیاندا نییە.

٣- ئەو ناوانەی، کە بەستراون بە ناوێکی ترەوە وەك:

Lease (v.) بەڵێننامەی کرێدان- عەقد.

Lessee (n.) کرێچی (٤٦).

### ٣/٢ – ٥ بلۆککردن: BLOCKING

ئەمیش جۆرێکی ترە لە ڕێگریی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی و بریتییە لە نەهاتنی فۆرمێکی زمانی بەهۆی فۆرمێکی ترەوە، واتە زۆرجار هەندێك وشەمان هەیە لەزماندا، کە لەلایەن وشەی ترەوە بلۆکدەکرێت. جا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، یاخود ڕامیاریی، یان تابۆی زمانیی بێت، یا زاڵبوونی

وشەی زمانێکی بێگانەو هاتنی بۆناو فەرهەنگی زمانەکەو بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانییەوەو شوێنگرتنەوەی وشە خۆماڵییەکەو لە کۆتاییدا بلۆککردنی. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بەکارنەهێنانی وشەکانی وەك: (دەرپێ، سوخمە،...&)، بەهۆی تابۆی کۆمەڵایەتییەوەیەو لەبری وشەکانی: (ئاوەڵکراس، ستیان، ...&)، بەکاردەهێنرێت. واتە تا ڕادەیەك ئەو وشانەی بلۆککردووە. یاخود بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازیی و هاتنەئارای کەرەستەی نوێی بواری کشتوکاڵی لە نموونەی وەك: (مەکینە، دەڕاستە، هەباشە، ...&)، وشەکانی تری ئەو بوارە بلۆککراون و تاڕادەیەك بەرەو وشەی بەکارنەهاتوو، یاخود مردوو دەڕۆن. لە نموونەی وشەکانی: (جەنجەڕ، هەوجاڕ، قەیناغ، نیر، هەسان، داس، ...&)، هەر لەمبارەیەوە (Aronoff and Fudeman)، دەڵێن: " بلۆککردن دوو گوزارشت دەگرێتە خۆی، ئەو وشەیەی، کە قابیلی گۆڕانە لەگەڵ ئەو وشەیەی، کە جێگیربووە. ئێمە دەڵێین، کە هەندێ گوزارشتی قابیل بە گۆڕان بلۆك بوون. بەهۆی ئەوەی کە هەندێ گوزارشتی دیکە بەهەمان واتاو ئەرکەوە هەن. بۆ نموونە وەك: (childs mouses – foots) بلۆکبوونە بەهۆی (children – mice – feet)ەوە."(٤٧).

کەواتە لەکۆتاییدا پاش خستنەڕووی گرنگترین ڕێگرییەکانی بەردەم بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، یاخود یاساو گیرەکە مۆرفۆلۆژییەکان بە فاکتەرێك، یاخود زیاتر لە فاکتەرێك بەرهەمیان سنووردار دەکرێت و ڕێگرییان لێدەکرێت، تا بەرهەمدار بن، دەتوانین لەم ڕووەوە بڵێین هەردوو زاراوەی (بەرهەمداریی – productivity) و (ڕێگریی – restriction)، پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوانیاندا هەیە. هەربۆیە سەبارەت بەم پەیوەندییە (lieber) دەڵێت: " ڕەنگە پەیوەندییەکی دوو لایەنەی توندوتۆڵ لەنێوان ڕێگرییەکان و بەرهەمدارییدا هەبێت. چونکە تا ڕێگرییەکان زیاتر بێت، بەرهەمداریی کەمتر دەبێتەوە، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە."(٤٨).

### ٤/٢ پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی: Degree of Morphological Productivity

دیاریکردنی پلەی بەرهەمداریی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود یاسایەك، یان گیرەکێك، پەیوەستە بەڕادەو ڕێژەی بەرهەمی ئەو یاسایە، یان ئەو گیرەکەوە، واتە وەك پێشتریش خستمانەڕوو، کە بەرهەمداریی هەم لەڕووی چۆنییەتییەوە، هەم لەڕووی چەندێتییەوە قسەی لەسەرکراوە.

کەواتە بەرهەمداریی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود گیرەکێکی مۆرفۆلۆژیی گرێدراوە بەڕێژەی چالاکیی و بەشداریکردنی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا، یاخود ڕادەی چەندبارەبوونەوەی لەگەڵ زۆرترین بناغەدا، کە ئەمەش لەپاڵ (بەسوودیی و شەفافییەت)دا لایەنی فرەجاریی و چەندبارەبوونەوە یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەردەم بەرهەمداریی، هاوکات پێویستە ئەوەشمان لا

روونبێت، کە بەرهەمداریی بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان لەسەر یەك هێڵی ئاسۆیی ناڕوات، بەڵکو بەپێی قۆناغە جیاوازەکان و گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵ و گۆڕانە زمانییەکان ئەمانیش گۆڕان بەسەر چالاکیی و سستییاندا دێت و دەشێت گیرەکێکی دیاریکراو لە قۆناغێکدا چالاك بێت و بەرهەمدار بێت، یاخود لەوەشە سست بێت و کەمبەرهەم بێت. هەروەها لەو ڕوانگەیەشەوە ئەوە ڕاستە، کە هەموو یاساکان یاخود هەموو گیرەکەکان وەك یەك بەرهەمدار نین، بەڵکو دەشێ یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان گیرەکێك لە یەکێکی تر ئەکتیڤتر بێت و بەرهەمی زیاتر بێت. جاری وایە ئەمە لە نێوان زمانەکانیشدا هەر بەو شێوەیەیە، نەك لە نێوان گیرەکەکانی تەنها یەك زماندا، بۆ نموونە زمانێکی وەك عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ یەکێك لە ڕێگا سەرەکییەکانی بەکارهێنانی (ناوگر – INFEX)ە، بەڵام زمانەکانی وەك: (ئینگلیزی، فارسی، کوردی، ...&)، زیاتر سوود لە پێشگرو پاشگر وەردەگرن، بۆ ڕۆنانی وشەی داڕێژراو. هاوکات ئەگەر بەراوردی نێوان هەردوو یاسای (پێشگر + بناغە)، یان (بناغە + پاشگر) بکەین لە زمانی کوردیدا. ئەوا یاسای یەکەم زیاتر دەرکردەکەی (کردار/ناوی ڕووداو)ە، بەڵام یاسای دووەم دەرکردەکەی زیاتر لە کەتیگۆری (ناو)ە. هەروەها ئەگەر بەراوردی نێوان دوو گیرەکی وەك: (/-ی، ە/)، بکەین لە داڕشتنی ناوی ئەبستراکتییدا ئەوا بەرهەمی پاشگری یەکەم زۆر بەڕوونی دیارە. کە زۆرترو چالاکترە لە پاشگری دووەم.

کەواتە " لەمەوە دەردەکەوێت، کە ئێمە ناتوانین، بە تەواوەتی تێبگەین لەوەی، کە چی دەبێتە هۆی ئەوەی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدار بێت و یاسایەکی تر کەمبەرهەم. لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەکان پێشنیازی تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی ڕێزمانی و کۆمەڵایەتی و پرۆسە سنووردارییەکان دەکەن."(٤٩). هەربۆیە گرنگترین پلەکانی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی بۆ سێ پلە دابەشدەکەین، کە ئەوانیش: **(پڕبەرهەم، ناوەندبەرهەم، کەمبەرهەم).**

## ٤/٢- ١ پڕبەرهەم: Fully Productivity

کاتێك بە گیرەکێکی مۆرفۆلۆژیی، یاخود پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەوترێت، بەبەرهەم، یان (پڕبەرهەم – fully productivity)، ئەگەر بێت و قسەکەر بەئاسانی بتوانێت لەدەرکردەی ئەو پرۆسەیە تێبگات و زۆرجاریش گوێگر بەشتێکی ئاسایی تێیدەگات و هەستی پێناکات. کەواتە " لە مۆرفۆلۆژییدا ئەگەر پرۆسەیەك بەتەواوەتی ڕێکوپێك بێت و بەشێوەیەکی چالاکانە لە دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاربهێنرێت، ئەوا وا دادەنرێت، کە ئەو پرۆسەیە بەرهەمدارە."(٥٠)، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پرۆسەی گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو لە ڕێگەی پاشگرەکانی /ity-، ness-/ەوە بەرهەمدارەو پێشبینی بەرهەمیان دەکرێت، بەڵام لە ڕێگەی پاشگری /th-/ەوە وانییە، چونکە کەمبەرهەمە وەك:

Modern + /-ity/ = modernity
Pure + /-ity/ = purity
Happy + /-ness/ = happiness
Dark + /-ness/ = darkness
Warm + /-th/ = warmth

### ٤/٢ – ٢ ناوەندە بەرهەم: Semi – productivity

ئەم پلەیەیان بەبەراورد بە پلەی بەرهەمدارو پلەی کەمبەرهەم، ڕێژەی بەرهەمی لەیەکەم کەمترەو لە دووەم زیاترە، بۆیە لەڕووی چالاکیی و ژمارەوە لەنێوان هەردوو پلەکەدا دەوەستێت و ئێمە زاراوەی (ناوەندە بەرهەم)مان بۆ هەڵبژاردووە. واتە بەرهەمی ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە ڕێگرییەکانی مۆرفۆلۆژیی ڕێژەی بەرهەم و چالاکییانی سنووردارکردووە، هەر لەم ڕووەوە (Haspelmath) دەڵێت: " هەندێ یاسای سادەمان هەیە، ناتوانین بەشێوەیەکی ڕوون بڵێین سنووردارەو بەرهەمدارییەکەشی سنووردار دەکرێت، بۆ نموونە پاشگری /-let/، کە دەچێتە سەر وشەکانی: (booklet – piglet – streamlet)."(٥١). هاوکات لە زمانی کوردیشدا ئەگەر سێ گیرەکی وەك: /-گە، دان، ەڵان/، کە دەبڕی چەمکی شوێنن وەربگرین. دەبینین گیرەکی یەکەمیان لەڕووی چالاکیی و بەرهەمدارییەوە بەبەراورد بە دوانەکەی تریان پڕبەرهەمە، هاوکات گیرەکی دووەمیان سنووردارترە، هەروەها گیرەکی سێیەمیان بەرهەمێکی کەم و دیاریکراوی هەیە. بۆیە بە کەمبەرهەم ئەژماری دەکەین. وەك:

- /-گە/: کارگە، نووسینگە، خێوەتگە، دەرمانگە، فێرگە، دایەنگە، خوێندنگە،...&
- /-دان/: خوێدان، شەکردان، مناڵدان، گوڵدان، هێلکەدان، مۆمدان،...&
- /-ەڵان/: قامیشەڵان، زیخەڵان، قومەڵان، بەردەڵان،....&

### ٤/٢ – ٣ کەمبەرهەم: Unproductivity

پرۆسەی ڕۆنانی وشەی نوێ لە زماندا بەشێوەیەکی چالاك بە (بەرهەمدار – productive)، ئاماژەی بۆدەکرێت. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر چیتر بەکارنەیات، یاخود زۆر بەکەمی بەکاربێت لە بەرهەمهێنانی وشەدا، ئەوا پێی دەوترێت (کەمبەرهەم/بێبەرهەم – unproductivity)، کەواتە " لە ڕوانگەی بەبەرهەمییەوە، ئەوەی لە مۆرفۆلۆژییدا جێگەی سەرنج و تێبینیکردنە ئەوەیە، کە یاساکانی مۆرفۆلۆژیی دەشێت کەم بەبەرهەم بن، چونکە لاگر هەن، ناتوانرێت لەگەڵێك لە حاڵەتەکانداو بۆ گەلێك حاڵەت بەکاربهێنرێن یان یاساکانی لکاندنیان جێبەجێبکرێن."(٥٢). بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا لە پرۆسەی وشەدارشتندا پاشگرەکانی(/-ندە/، /-گار/، /-بەند/، /-جاڕ/، /-ەمەنی/...&). چەند پاشگرێکن، کە لەئێستای زمانی کوردیدا بەرهەمیان ئەگەر بەیەکجاری نەمابێت، ئەوا زۆر کەمبووەتەوەو دەتوانین لە نموونەی پاشگرە کەمبەرهەمەکان

ئەژماریان بکەین. یاخود لەپرۆسە ڕێزمانییەکانی وەك کۆکردنەوەی ناو بەهۆی پاشگرەکانی: /-هات، وات، جات، ەها، یەها/، بەبەراورد بە بەرهەمی مۆرفیمێکی وەك /-ان/ی کۆ ئەوا بەرهەمیان زۆر کەم و سنووردارەو دەتوانین وەك مۆرفیمی کەمبەرهەم بیانخەینەڕوو. هەر لەم ڕووەوە ئەگەر بەراوردی گیرەکێکی وەك /-چە/، بکەین لە زمانی کوردی و فارسیدا. ئەوا بەئاسانی دەبینین، کە ڕێژەی چالاکییان لە هەردوو زمانەکەدا وەك یەك نییە. واتە " لە زمانی فارسیدا پاشگری /-چە/، پاشگرێکی بەبەرهەمە لەسازکردنی وشەی نوێدا، وەك: (دولابچە، کتابچە، دریاچە، بقچە، قالیچە،......)، بەڵام هەمان پاشگر لە زمانی کوردیدا بەپێز نییە. وەك: (باغچە، دەریاچە، پارچە، بێڵچە،.....)."(٥٣)، هەر لەم ڕووەوە ئەگەر لەزمانی ئینگلیزیدا نموونە بهێنینەوە، ئەوا دەڵێین " لەزمانی ئینگلیزیدا شێوازێك بەرهەمدارە، کە ئەگەر شتێك بەدووبارەکراوی بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی دۆخێکی هەمانجۆر، وەك بەکارهێنانی پاشگری /s-/ بۆ ناوی کۆ، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ شێوازە کەمبەرهەمەکاندا کە هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە، وەك دروستکردنی ناوی کۆ لە وشەی (mouse – تاك، mice – کۆ)."(٥٤).

**ئەنجام:**

بە پێی بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بریتین لە:

١-بەرهەمداریی سیفەتێکی بنەڕەتیی زمانی مرۆڤەو خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەیەتی لەگەڵ سیستەمەکانی تری پەیوەندییکردندا، لە نموونەی زمانی ئاژەڵان.

٢-بەرهەمداریی و داهێنان دوو چەمکن لە زانستی زماندا و سنورو مەودای هاوبەش و لێکجیایان هەیە لە نێو زماندا.

٣-بەرهەمداریی زمانیی، پەیوەستە بە دروستیی سینتاکسیی و ڕوونی واتاییەوە.

٤-داتاو ئامار، (ژمارەو ڕێژە)، فاکتەری بنەڕەتیین، لە حوکمدان بەسەر بەرهەمداریی، یاسایەك، گیرەکێك، پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییدا.

٥-هۆکارگەلی لە نموونەی (ڕوونیی، بەسوودیی، چەندبارەبوونەوە)، دەستنیشانکەریی بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیین لە زانستی زماندا.

٦-بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی، ڕەها نییە، بەڵکو چەندین فاکتەری زمانیی و نازمانیی لە پشتییەوەن بۆ ڕێگرییکردن و سنوردارکردنی پێزو چالاکییەکەی.

٧- (گیرەك، یاسا، پرۆسە) مۆرفۆلۆژییەکان، بە یەك وەتیرەو ئاست لە چالاکیی و بەرهەمدا نیین، بەڵکو بە پێی پێویستیی، کات، گۆڕان،...& ڕێژەی بەرهەمیان دەگۆڕێت، هەربۆیە بەرهەمداریی مۆرفۆلۆژیی لەسەر بنەمای چالاکیی و بەرهەمیی، پلەبەندکراوە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان (الهوامش والمصادر):**


١- Wehmeier:(٢٠٠٦),<u>Oxford Advanced Learners Dictionary,</u> New york, p ١٢٠٣.

٢- David Crystal, (١٩٨١), <u>Linguistics</u> England, p ٣١٤.

٣- محەمەد ڕەزای باتینی: (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و: ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم – سلێمانی، ل ٤٩.

٤-تابان محەمەد سەعید:٢٠٠٨: گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ٩.

٥- محەمەد وەسمان: (٢٠١٢)، کۆنفرانسی زمانی کوردی، هەولێر، ل ٢٤٥.

٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی: (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم – هەولێر، ل ٢٢٧.

٧- سەلام ناوخۆش: (٢٠٠٨)، زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەریی – چۆمسکی)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل ٦٨.

٨- محەمەد ڕەزای باتینی: (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و: ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم – سلێمانی، ل ٦٩.

٩- محەمەدی مەحوی: (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك – وابەستە، زانکۆی سلێمانی، ل ١٤.

١٠- Jack C. Richards and Richard Schmidt, (٢٠١٠), <u>Longman Dictionary of Language Teaching & Applied</u>, fourth edition, published in Great Britain, p ٤٦٢.

١١- سەرچاوەی پێشوو.

١٢- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم – سلێمانی، ل ١٢٠.

١٣- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York, p ٧٠.

١٤- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١١٦.

١٥- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٥.

١٦- محەمەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم – سلێمانی، ل ١٢٠.

١٧- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٥.

١٨- سازان زاهیر: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ٧.

١٩- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published, Cambridge University press, New York, p ٦١.

٢٠- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١١.

٢١- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١١٤.

٢٢- سەلام ناوخۆش: (٢٠٠٨)، زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەریی – چۆمسکی)، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل ٦٩.

٢٣- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١١.

٢٤-(سەرچاوەی پێشوو: ل ١٢).

٢٥- Fromkin& Rodman &Hyams, (٢٠١١), An Introduction to Language, ٩edition. International Edition, p ٤١.

٢٦- Bauer, (٢٠٠٤), Morphological Productivity, first Edition, Cambridge University press, p ١٢.

٢٧- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١١٤.

٢٨- Bauer, (٢٠٠٤), Morphological Productivity, first Edition, Cambridge University press, p ١٢.

٢٩- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٣.

٣٠-(سەرچاوەی پێشوو:ل ١٤).

٣١- Mark Aronof, (٢٠١١), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell, p ٢٢٧.

٣٢- سازان زاهیر: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٥.

٣٣- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York, p ٦٩.
٣٤- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١٢٧.
٣٥- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York, p ٦٦.
٣٦- Mark Aronof, (٢٠١١), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell, p ٢٢٧.
٣٧- نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٨.
٣٨- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York, p ٦٤.
٣٩-(plag:٢٠٠٣:٦٤). وەرگیراوە لە: سازان زاهیر: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٥.
٤٠-- Mark Aronof, (٢٠١١), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell, p ٢٤١.

٤١- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published, Cambridge University press, New York, p ٦٤.
٤٢ * وەرگیراوە لە نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٨. -
٤٣-- Mark Aronof, (٢٠١١), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell, p ٢٤١.
٤٤- سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٣٣
٤٥- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published, Cambridge University press, New York, p ٦٤.
٤٦- Mark Aronof, (٢٠١١), what is morphology, second edition, Wiley Blackwell, p ٢٣٣.
٤٧- سەرچاوەی پێشوو: ل ٢٣٥
٤٨- Lieber, (٢٠٠٩), Introducing Morphology, first published , Cambridge University press, New York, p ٦٥.
٤٩- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١١٥.
٥٠- Jack C. Richards and Richard Schmidt, (٢٠١٠), Longman Dictionary of Language Teaching & Applied, fourth edition, published in Great Britain, p ٤٦٣.
٥١- Haspelmath, (٢٠١٠), Understanding Morphology , second edition, London, p ١١٥.
٥٢- محەممەدی مەحوی: (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان – مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم – سلێمانی، ل ٢٧٩.
٥٣- سازان زاهیر: (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ل ١٣.
٥٤- David Crystal, (١٩٨١), Linguistics England, p ٣١٤.